
**دەریـا ڕەوانـدزی**

## بۆنی بارانت دەکەم

1
بیرت بێ....
هەر کاتێك
باران دەبارێ
وەك جاران...
دڵم بیانوو دەگرێ
بەیادی ئەو شەوانەی
خەونی پەمەیم
بەئامێزی تۆ دەبینی و
بۆ بەیانی بە بێدەنگی،
لێم دەڕوانی
ئاخۆ تۆش بیری
ئەو شەوانە بکەی؟!

2
شەوی رابوردوو
کاتێك باران
تەڕی کردم
دەستم بەرەو
ئاسمانێکی تاریکی تەڕ
بەرز کردەوە
ئاخۆ جارێکی تر
تاریکی شەو
تەڕێتی ئاسمان
لەئامێزی گەرمی یەکتر
کۆمان بکاتەوە!.

3
زەمەنێك تێدەپەڕێ
بەتەنیایی و بەبێدەنگی
چاوەڕوانی هاتنی تۆم
بەنێو خۆمدا
پەرت دەبم و
شەپۆل دەدەم
وەکو جاران
نیگای چاوەکانی تۆم
لەدڵی خۆم کۆکردەوە
هەر نەهاتی بۆ ئەوەی
لەناخی دەریا
شەپۆلەکانی ئەوین ببینی!.

4
لەخۆم دەچن
ئەو هەورانەی
لەتاریکی ژان دەیانگرێ
بۆ دلۆپێ باران
دەگرمێنن
دەترسم تۆ...
لەدلۆپە باران بچی
هەر جارێ دابباری
جارێکی تر
نەڕژێیتەوە دڵی دەریا و
نەتبێنمەوە!

5
وا هەست دەکەم
تۆ هەموو کات
وەکو باران
دەرژێیتەوە
دڵی دەریا
ئیتر چۆن بتوانم
بەبێ عیشقت
شەپۆل بدەم؟
چۆن بتوانم
لێوی کەنار
بەبێ تۆ...
تەڕکەم؟

چۆن بتوانم
کەشتی حەزت
بەماچی لێوم
مەست نەکەم
وەرە بەرز وەرە
وەك ئەو ئەستێرانەی
هەموو شەوێ
لەدڵی دەریا دەجریوێنن!

6
شەوێك وەرە
لەتاریکی ژوورەکەمە
سەوڵ لەدڵی دەریا بدە
لەسەر سینەی نەرمی ئاو
بەدەنگی کەناریەك
گۆرانی هاتنەوەت بچرە
بەباڵی پەروانەیەك
لێوی دەریا بۆیە بکە
وەك پەڕەی گوڵ ماچت دەکەم
بۆنی عەترت
بۆ هەتایە لەسینەم دێ
پەنجەکانت بەسەر لێوی دەریا دابێنە
حەز دەکەم
هەموو دنیا
بەسەر لێوی شەپۆلێکی عیشقی منا
ئارام بگرێ
بەتنوێتی دەریا جێ مەهێلە
چۆن دەریا عاشق بە بارانی
موحیبەتی تۆیە!

7
بەنێو رۆحی خۆت
بەرەو
ئەزەلم بەرە
دەزانم...
گەر تۆ نەبی
تینوێتی دەریا
بەدلۆپێ باران ناشکێ
دڵی دەریا
بەتەنها ماچێ

ئۆقره ناگرێ
ئیتر وەرەو
بەچەند فرمێسكێك
دڵی دەریا
داگیر بكە!

8
تۆ...
لەباڵندە دەچی
هەموو شەوێ بەتەنیایی
لەتاریكی...
جێم دەهێڵی
وەرە بپرژێ بەسەر لێومە
وەك شەرابی گوڵ هەنار
گەر تۆ نەبی
كەس ناتوانێ
بەهەناسەیەك بەسەر لێوم بپرژێنێ
وەرە
ئیتر لەگۆشەیەكی دڵی خۆت
بەعیشق
مەستم بكە!

9
بەسەر شەپۆلەكانی عیشقم
سەمای هاتنەوەی تۆ دەكەم
نزیك بەرەوە
دڵی دەریا
دوا مەنزلی ئەوینی تۆیە
بێدەنگ وەرە
ژوورەكەم
بەدیدارت رۆشەن دەبێ
جەستەی وشكم
بەماچی تۆ
وەك دەریا تەڕ دەبێ
خۆت مەشارەوە
ئەمشەو بۆم دەركەوە!

10
گەر ئەمشەو...
باران بباریٚ
پەنجەرەو دەرگا داناخەم
دەنگی پێی گەڵاکان دەبیستم
بۆنی باران دەکەم
ماچی گوڵەکانیش دەکەم
هەر ناخەوم چاوەڕێتم
گەر تۆ نەیەیت
دەریا بیٚ تۆ
دەریایەك ئەشك دەرژیٚ
لەچاوی دەریا!.

باکووری ئەمەریکا
دەریا ڕەواندزی